# تابلۆ

**حەمەفەریق حەسەن**

دوای ئەوەی جام و چوارچێوەی تێگرت؛ کۆنە ڕۆژنامەیەکی تێوەئاڵاند و بەدیاریی ناردییە بارەگای هونەرمەندان. لەوێ لە گۆشەیەکدا، لەسەر مێزێک دایاناو پاڵیان بەدیواری ژوورەکەوە دا.. نەختێ لێی کشانەوە. نیوە بازنەیەکیان بەدەوردا دروست کردو کەوتنە سەرنجدانی..

هونەرمەندی (1)

((دیارییەکی جوانە! وەک زۆربەی بەرهەمەکانی، ئەمیشی قەڵەمکێشە.. هەتا بڵێی کەسێکی وردەکارە. سەیری ئەو فیگەرانە بکەن، چۆن لەگەڵ یەکدا گونجاندوونی؟ تەماشا ئەو لەنگەرگرتن و ئەندازەیە!))

هونەرمەندی (2)

((ئاخر ئێمە، گەلانی هیندوستانی لێ بترازێ، لە هەموو گەلێکی دیکەی ڕۆژهەڵات پتر ڕەنگ بەکاردێنین.. ڕەنگ، لە هەموو وردەکارییەکی ژیاندا. تەنانەت لە پێڵاویشدا! ئێوە پانیبەرزتان بیرچۆتەوە؟.. ئەدی گۆرەویی دەسچن؟ هەبوو بەڕەنگی کارخانە ناقایل بوو، دەچوو جامەدانییەکەی لەچیوت دەدا.. باوەڕم کزە هونەرمەند بتوانێ بەتەنیا ڕەنگێ گوزارشت لە ناخی ئینسانی کورد بکا، ئەوش لەولاوە بوەستێ، کە ڕەش لە بنەڕەتدا ڕەنگ نییە.))

هونەرمەندی (3)

((بەهای ڕەنگیش کاتێ بەجوانیی بەدیاردەکەوێ، لەگەڵ ڕەنگەکانی دیکەدا تێکەڵ کراو بەیەکدا چوون. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ئەم تابلۆیە، بۆ کەسێک، چاوی تەلسکۆپیی هەبێ، وەک گەواڵە هەورێکی بەهاریی دێتە پێشچاو.. هەتا لێی وردببیتەوە فیگەری هەمە شێوەی تێدا دەدۆزیتەوە.. لێوانلێوە لە هێمای وردو زیرەکانە..))

هونەرمەندی (4)

((بەبیری من، باس لە کێشەیەکی هەڵایساوی ئەم سەردەمە سەیرو سەمەرەیە دەکات.. ئێوە سەرنج لە تێهەڵکێش و بەیەکداچوون و پێکدا هەڵپژانی فیگەرەکان بدەن.. جووڵە و ڕەوتی هێڵەکانی زەین بدەنێ. نەسەرەتایان هەیە و نە کۆتاییان دیارە!.. بزانن تا چڕادەیەک هونەرمەند دەست نەرم و تەڕدەست و ...))

وایان نیازبوو هەتا تاریک دادێ لەسەری بدوێن و... بەڵام بەگەیشتنی هونەرمەندی خاوەن تابلۆ، گفتوگۆی نێوانیان ساردبۆوە.. ئەویش کاتێ دیتی چوار هونەرمەندی ناسراوی شارەکەی ئاپۆرەیان لە کەڤاڵەکەی داوە، زەردەیەک لێوەکانی کشاند.. ئەم بەهێمنی لە تابلۆکەی چووە پێش و برادەرەکانی کەمێک کشانەوە و جێگەیان بۆ کردەوە. چاویان لێبوو، کاتێ لە تابلۆکەی خۆی ورد بۆوە، زەردەی سەر لێوانی لەودیو تەمی خەم و دڵگوشرانەوە ئاوابوو. بە سۆزەوە دەستی کردە ملی تابلۆکەی و توند بەسینگییەوە گوشارد.. ئەمجا هەڵیگێڕایەوە و جارێکی دیکە پاڵی بە دیوارەکەوە دا.. بۆنی گلەیی لە سەرنج و لەرینەوەی وشەکانیدا دەخوێنرایەوە، کاتێ ڕووی تێکردن و زۆریش بە نەزاکەتەوە وتی:

((ببوورن برادەرینە، سەروبن داتاننابوو!))